

# ئۆرهان پامۆك: بردنەوەی خەڵاتی نۆبل، ژیانی مرۆڤ دەكاتە سیاسی

**لە فارسییەوە: دڵشاد خۆشناو**

راینەر تراوبە لە بڵاوكراوەی ئەنتەرنێتی قەنترەدا لەگەڵ ئۆرهان پامۆكی براوەی خەڵاتی نۆبڵ و میوانی شانازی لە پیشانگای كتێبی فرانكفۆرت لە ئەلمانیا و لەبارەی دوایین كتێبی و پەلكێشكردنی ناخواستەی ئەو بۆ ناو سیاسیەت ئەم گفتوگۆیەی ئەنجام داوە.

**قەنترە:: ئێستا نزیكەی دوو ساڵە كە ئێوە بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵتان تاقی كردۆتەوە. لە چاوپێكشاندێكی ئەزموونەكانی خۆتدا لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا، ئایا ژیانی ئێوە هیچ كۆڕانكارییەكی تێدا دروست بوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێش بردنەوەی خەڵاتەكە؟**

پامۆك: كاتێ كە بیستم من بوومەتە براوەی ئەم خەڵاتە، یەكەمین كاردانەوەی غەریزی و توندم ئەوە بوو كە بە فەڕاشی دەزگای بڵاوكردنەوەكەم بڵێم: "ئەم ڕووداوە ژیانی من دەگۆڕێت". پێویستە ئەوەش بڵێم كە هەواڵی بردنەوەكەشم هەر ئەو تازە پێی گەیاندبووم. ئێستا ئەمڕۆ كە بەو خاڵە گەیشتم كە ئەو كاتە چەند خۆشبین بووم. بەڵی هەڵبەت كە ژیانی من گۆڕا، بەڵام هیچ گۆڕانكارییەك لە خووی كاركردنی من دروست نەبوو. من هێشتاش زۆر بە توندی وەفادارم بەرانبەر بنەماكانی ژیانی ڕۆژانەی خۆم: هێشتاش بە ئەركی خۆمی دەزانم كە بەیانیان زوو هەڵبستم، بنووسم، ئەو بەرنامە كاریەیە كە پێشتر دیاریم كردوە زۆر بە وردی جێبەجێی بكەم هەر بە هەمان شێوەی پێشتر.

بەڵی ئەم ڕوداوە ژیانی منی گۆڕی. ئێستا ناوبانگی من زۆر لە جاران زۆرترە، من بەم خەڵاتە خوێنەری زۆر زۆرترم بەدەستهێناوە. بەڵام ئەوەی كە بەرگەگرتنی كەمێك سەختترە ئەوەیە كە بوە هۆی ئەوەی كە كاری من سیاسی تر بێت. هەرئەوەی من ئەمڕۆ كە ئەنجامی دەدەم جۆرێك سیاسەتە. زۆرترە لەوەی كە من چاوەڕوانی بووم.

**قەنترە: چەند ساڵێك پێش ئێستا و لە فرانكفۆرت، كاتێ كە خەڵاتی ئاشتی كتێبی ئەلمانیات وەردەگرت، لە وتەیەكی خۆتدا بۆ ئامادەبووان گوتت كە توركیا خەوی ئەورپا دەبینێت و ئەورووپاش ناتوانێت بە بێ توركیا خۆی پێناسە بكات. دوای ئەوەی سێ ساڵ لەم مێژووە تێدەپەڕێت ئایا**

**هێشتاش لەو باوەڕەدایت؟**

پامۆک: ئەوکاتە من جەختم لەو ڕاستیە کردەوە کە ئەوروپا بە بێ تورکیا وێنا ناکرێت و تورکیاش بێ خەونی ئەوروپا. بەداخەوە دانووستانەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووی نێوان ئەوروپا و تورکیا تا ڕادەیەک پەلە و گەرمی پێشتری لەدەست داوە. ڕەنگە هۆیەکی ئەوە باڵی ڕاستی توندڕەوی سیستمی ئێستا و سوپای تورکیا بێت کە ڕێرەوی بەرەو پێشچوونی وڵاتەکەمانیان بەرەو یەکێتی ئەوروپا داخستووە. تا ڕاددەیکیش کەمتەرخەمی لە بەرگری وڵاتە ئەوروپاییەکانە: مەبەستم لیبرالەکانی فەڕەنسا و ئەلمانیایە کە بە دڵنیاییەوە لە بەرانبەر بوون بەئەندامی تورکیا لەمپەر دروست دەکەن.

بەم شێوەیەیە کە ئێستا پەسەند کردنی تورکیا گرفتی تێدا دروست بوە و ئەم بابەتەش بە هەمان ڕوونی و ڕۆشنی چەند ساڵێک لەمەوبەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا من بە تەواوی لەو باوەڕەدام درەنگ یان زوو، تورکیا دەبێتە بەشێکی جیانەکراوەی ئەوروپا. هەرچەندە کە جارێ بارودۆخەکە جێی نیگەرانییە بەڵام بەڵگەیەک نییە بۆ فرمێسک ڕشتنی من، چونکە من لە ڕاستیدا چیرۆکنووسێکم و هیچ کاتیش ناگریم، هۆیەکەی نیگەرانی منە بۆ زیان گەیاندن بە جوانیی کتێبی خۆم.

**قەنترە: لەگەڵ ئەوەی کە کتێبەکانت جوانن، لە تورکیا لە لایەن ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان و گروپە دینییە توندڕەوەکان هەڕەشەی زۆر لە تۆ و خەڵکانی تر کراوە. ئایا ئەم جۆرە کارانە کاریگەری هەبوە لەسەر ژیانی تۆ لێرە و ژیانی ڕۆشنبیریی لە تورکیا؟**

پامۆک: بەڵێ، هەڵبەت. من لە ڕاستیدا ناچارم لە پەنای پارێزەرەکانم درێژە بە ژیانی خۆم بدەم، لە ڕاستیدا کارێکی زۆر ناخۆشە. من لەو لایەنەوە زۆر نیگەرانم کە لەگەڵ هەموو ئەو شتانە، ڕۆژنامە ڕاسترەوەکان هەندێ جاریش ڕۆژنامە ڕەسمیەکان تا ئێستاش هێرشەکانیان دژی من ئەنجام دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە من ساڵی یەک کۆرس لە زانکۆی کۆڵۆمبیا دەرس دەڵێمەوە، کتێبەکانم لە زۆربەی وڵاتان بڵاودەبنەوە، زۆر حەز دەکەم لەو کۆنفرانسانەی کە لەمبارەوە دەبەسترێن بەشداری بکەم. من بەردەوام سەفەر دەکەم بۆ دەرەوەی تورکیا، لە دوو ساڵی ڕابردوودا پتر لە نیوەی ژیانم بەدبەختانە ـ یانیش ڕەنگە خۆشبەختانە، کێ چ دەزانێت ـ لە دەرەوەی تورکیام بەسەربردوە. هۆیەکەشی هەڵبەتە تارادەیەک هەر ئەو خەڵاتە نۆبڵە بووە، کە بەردەوام ناوبانگی بۆ پتر کردووم.

هەڵبەت کە وڵاتی من هەر ئێرەیە ئەستەنبۆڵە و ژیان بەبێ ئەم شارە بۆ من هیچ مانایەکی نییە. پیاسەکردن لە شەقامەکانی ئەستەنبۆڵ بە تەنیا یان لەگەڵ پارێزەرە تایبەتیەکانم لە نیوە شەودا. لانی کەم ئەوەیە کە هێشتا دەتوانم لەناو شەقامەکانی ئەم شارەدا بم، سەیری دەوروبەرم دەکەم، چێژ لەو شتانە وەردەگرم کە دەیانبینم و چیرۆکەکانی من بەردەوام باسی جیهانی ئەستەنبۆڵ دەکەن.

**قەنترە: وا دێتەبەرچاو کە تۆ خەریکی هاوسەنگییەک دروست دەکەیت لە نێوان ژیانی خۆت لە**

**ئەستەنبۆڵ و گەشتەکانت بۆ ئەوروپا، لەڕاستیدا لە نێوان هونەرمەند بوونێک و تاکێکی سیاسی؟**

پامۆک: بەڵێ، ئەمە هەر ئەم کارەیە کە دەبێ جێبەجێی بکەم، من نووسەرێک نیم کە لە تاراوگە دەژیێ، کاتێ کە هەوڵیانداوە وەکو کەسێکی تاراوگە پشتگوێ بخرێم، وەڵامی ڕوونی من ئەمە بوو کە من لە تاراوگە نیم، من بە بڕیاری خۆم هاتوچۆی دەرەوەی تورکیا دەکەم ئەگەریش حەز بکەم و پێم خۆش بێت ئەوکاتە تەواوی ڕۆژەکانی ساڵ هەر لێرە دەمێنمەوە.

ژیان لە نیۆیۆرک لەماوەی ئەو شەش مانگەی کە لە زانکۆی ئەوێ وانە دەڵێمەوە و گەشت کردن خۆی لەخۆیدا تام و چێژێکی تایبەتی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا نامەوێت خۆم وەکو قوربانیەک نیشان بدەم. هۆیەکەی ئەویش ڕەنگە ئەوە بێت کە من لە کلتورێکەوە دێم کە هیچ کات ژێردەستەی ئیستیعمار نەبوە و ئازار نەدراوە لەلایەن ئەوانەوە. بە هیچ شێوەیەک حەز ناکەم خۆم وەکو قوربانیەکی هێزە جیهانیەکان یان قوربانیەکی حکومەتی تورکیا نیشان بدەم. من باوەڕم بەخۆم هەیە، دەژیم، چێژ لە نووسینی کتێب وەردەگرم. ئەمەیە ئەو تێڕوانینەی کە من بۆ ژیانی خۆم هەمە.

**قەنترە: کەوایە حەز ناکەیت درووستکەری پردێک بیت.**

پامۆک: پرد کلێشەیەکە کە بەسەرمدا سەپاوە، چونکە من تورکێکم و یەکەمین خاڵیش کە هەر کەسێک بە زەینیدا تێدەپەڕێت ئەم بابەتەیە کە تورکیا وڵاتێکە کەوتۆتە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا. بەڵام بەر لەوەی کە تۆ پردێک بیت پێویستە تایبەتمەندییەکانی کلتورێک، سێبەرەکانی، خاڵە ڕەشەکانی، تایبەتمەندیە نالۆژیکیەکانی، ئامانجەکانی، ئومێدەکانی بۆ دواڕۆژ، ساتەکانی ڕۆژانەی، خاڵە لاوازەکانی و ڕۆژە ڕەشەکانییت درک کردبێت. ئەرکی من لە پلەی یەکەمدا بینینی تەواوی ئەمانەیە، پێش ئەوەی بڵێم "من پردێکم". من ئەم جۆرە نوێنەرایەتی سیاسی یان بەرنامەیەم نییە. لە ڕاستیدا کەسایەتییەکی ئەدەبیم کە چیرۆک دەنووسێت. بەڵێ لە کتێبەکانی من لایەنێکی فەلسەفیش بەرچاو دەکەوێت. من وتارنووسیشم، لەبارەی کلتوورەکان و سیاسەتەکانیش دادوەری دەکەم، بەڵام لە بنەڕەتەوە چیرۆکنووسێکم، بەتایبەت چیرۆک لەبارەی خەڵکەوە.

**قەنترە: ئێستاش تۆ ڕۆمانە نوێ و سەرسوڕهێنەرەکەی خۆتت هێناوە بۆ پیشانگای کتێبی فرانکفۆرت کە ناوی "مۆزەخانەی بێ گوناهی"ە، ئەمە چیرۆکێکە لەبارەی عەشقەوە، هەڵبەت کە چیرۆکێکی عاشقانەی زۆر باشە لە بارەی ئەستەنبۆڵ و مۆزەخانە. پێموایە یەکەم ڕۆمانە لە مێژووی ئەدەبیاتدا کە خۆی خاوەنی مۆزەخانەیەکە.**

پامۆک: بەڵێ "مۆزەخانەی بێگوناهی" نووسینەوەی بەسەرهاتی عەشقێکی تەواوە، کەسێک لە چینی بەرزی کۆمەڵگە، کەسێک کە لە کتێبەکەدا هەندێک جار وەکو ئەندامێکی نوخبەی ڕۆشنبیر باسی دەکرێت. ئەو لە ساڵی 1975 تەمەنی سی ساڵە و لەم کتێبەدا تامەزرۆی عاشقانەی خۆی بۆ یەکێک لە خزمە دوورەکانی باس دەکات، کچێکی تەمەن هەژدە ساڵ بە ناوی ئەفسون کە لە فرۆشگایەک کار دەکات و زۆریش جوانە. ئەو لە

قەرەبوو کردنەوەی ناکامیەکانی لە بەدەستهێنانی دڵی ئەو کچە، هەر شتێک کە ئەفسون دەستی لێداوە و ئەو دەتوانێت کۆیان بکاتەوە هەڵدەگرێت و لە کۆتاییدا مۆزەخانەیەکیان لێ دروست دەکات کە بە جۆرێک پەیوەندی بە چیرۆکی عەشقی ئەوانەوە هەیە. "مۆزەخانەی بێگوناهی"ی من لە ڕاستیدا مۆزەخانەیەکی ڕاستەقینەشە کە هەوڵ دەدات تەواوی ئەو کەلوپەلانە بپارێزێت. بۆ ماوەی نزیکەی شەش ساڵە کە خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلم بۆ ئەم مۆزەخانەیە. من ماڵێکم کڕیوە کە هەمان ئەم شوێنەیە کە ئەم بەشەی چیرۆکەکە دە ساڵ لەمەوبەر لەوێ ڕوودەدات. من کردومەتە مۆزەخانەیەک بە شێوەیەک کە ئێستا "مۆزەی بێگوناهی" هەم ڕۆمانێکە و هەم مۆزەخانەیەک.

چێژی ڕۆمان و چێژی مۆزەخانە خەریکی کامڵبوونی دوو بابەتی تەواو جیاوازن لە یەکتر. مۆزەخانەکەم وێناکردنی ڕۆمانەکەم نییە و مۆزەخانەکەی ڕۆمانەکەش باسی ئەم مۆزەخانەیەم نییە. ئەوانە ڕەنگە دوو وەدیارخستنی یەک بابەت بن. کاتێ کە بچینە ئەو مۆزەخانەیەش دەتوانین چیرۆکەکەش بەتەواوی لەمس بکەین، ئەو شتە بچوکانەی کە لە کتێبەکەدا وەبەرچاو دەکەون ببینین. ئەمە ڕێک وەکو بیرەوەرییەکی ڕاستەقینەیە. لە کۆتایی چیرۆکەکە قارەمانی کتێبەکە دەڵێت کە هەموو دەبێ بزانن کە ئەو ژیانێکی خۆشی هەبووە.

## قەنترە: ئایا خۆشت ژیانێکی خۆشت هەبوە و هەتە؟

پامۆک: من ژیانێکی زۆر خۆشم هەیە، لەو لایەنەوە زۆر خۆشحاڵم کە نووسینەکانی من بە 58 زمانی زیندووی دونیا دەکاتە خوێنەری خۆی، لەڕاستیدا ملیۆنان مرۆڤ دەیانخوێننەوە، من لەو لایەنەوەی کە کتێبەکانم لەگەڵ دڵم دەنووسم و من هەرچی بنووسم خەڵک دەیخوێننەوە. کاتێ کە تەمەنم بیست و پێنج ساڵ بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا ژیان لەمە خۆشتر دەبێت. لەو کاتەدا بڕیارم دا واز لە شێوەکاری بهێنم و ببمە نووسەر. هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە کە تەواوی خەونەکانم لەبارەی ناوبانگ و سەرکەوتن ـ کە (لە پراتیکدا) زۆرترە لەوەی کە من چاوەڕوانی بووم ـ ئێستا وەدیهاتوە و خۆشحاڵم دەکات. دەبێ دانبەوەدا بنێم کە من نووسەرێکی کامەرانم.

**سەرچاوە: سایتی ایران امروز**